## ڕۆژنامەی کوردستان (١٩٤٦)

لە بەشەکانی ئەم دواییەی "بۆکان لە مێژوودا" باسی هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤارم کرد کە تێیاندا سەبارەت بە بۆکان بابەتیان بڵاوکردۆتەوە، یا خود بۆکانی دەوریان لە دەرچوونیاندا بینیوە (٩٥، ٩٧، ٩٨، ٩٩، ١٠٠ و ١٠٥) .

وا ژمارەکانی ڕۆژنامەی "کوردستان*"، چاپی ساڵانی ٢٥ – ١٣٢٤ (١٩٥٦)ی کۆماری کوردستان لە لایەن بنکەی ژین و ئاراسەوە چاپ و لە بەرگێکدا بڵاوکراوەتەوە.

بە هۆی گرنگایەتی کارەکەوە، دوای کڕنۆش بردن بۆ سەرنووسەر و بەڕێوەبەر و نووسەران و پشتیوانەکانی ڕۆژنامەکە، و دوای دەست خۆشی کردن لە هەموو ئەو کەسانەی دەوریان لە بڵاوبوونەوەی دووبارەی ڕۆژنامەکەدا بینیوە بەتایبەت کاک ڕەفیق سالح و کاک سدیق سالح، هەوڵ دەدەم بابەتی پەیوەندیدار بە بۆکان لە هەموو ژمارەکاندا دەست نیشان بکەم و ڕایانبگەیێنم. شایانی باسە کە ئەم بەرگە، ٨٢ ژمارە لە سەرجەمی ١١٢ ژمارەی دەرچووی ڕۆژنامەکەی گرتۆتە بەر. بەهیوای ئەوەی ژمارەکانی دیکەشی لە داهاتوودا بدۆزرێنەوە.

ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەم ژمارەیەوە تا دوایین ژمارەی ناو ئەم بەرگە (٩٣)، بابەتی سەبارەت بە بۆکان یا خود لە لایەن بۆکانیانەوە ئامادەکراوی تێدایە و کەمتر ژمارەیەک هەیە بابەتی ئەوتۆی تێدانەبێت. زۆربەی زۆری بابەتە سیاسییەکان و چالاکییە فەرمییەکان هی ئاغاواتی بۆکان و دەوروبەری بوە، لە کاتێکدا خەڵکی ئاسایی تەنیا شیعر و وتاری ئەدەبییان تێدا نووسیوە. وێ دەچێت سەرە پەتی هەموو کارەکانی ئەو سەردەمە لە ناوچەی بۆکان بە دەست ئاغاواتەوە بووبێت، هەر ئەوانەی کە چەند سە عات دوای بڵاو بوونەوەی هەواڵی هەرەس هێنانی بزووتنەوەکە، کەوتنە ڕاونانی پێشمەرگە و بارزانی و هەروەها تاڵان و بڕۆی ئیدارات و بنکەی پێشمەرگە و سەربازخانەی بۆکان! (بڕوانە یادداشتی ئەفسەرە ئێرانییەکانی نیشتەجێی گوندی سەرا لە کاتی پاشەکشێیان بەرەو بۆکان و مەهاباد و شنۆ – ژمارە ٧٢، ٧٣، و ٧٤ ی ئەم زنجیرە وتارە).

بابەتی سەبارەت بە بۆکان لە ڕۆژنامەی کوردستان لە یەکەم ژمارەیەوە تا دوایین ژمارەی ناو ئەم بەرگە (٩٣)

١. ڕاپۆرتی هەڵکرانی ئاڵای موقەددەسی کوردستان لە شاری بۆکان

(ژمارە ١)

٢. شیعری هەژار و هێمن و حەقیقی سەبارەت بە هەڵکرانی ئاڵا لە بۆکان

(ژمارە ١و٢)

٣. ژیننامەی مەلا عەلی قزڵجی، نووسینی سید محەمەد حەمیدی

(ژمارە ٣)

٤. پیرۆزبایی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە لایەن کەریم، ئەحمەد و عومەری عەباسی، محمەد امین ایلخانی زادە، ابوبکر، اسماعیل و سەلیم ئیلخانی زادە، ئەمجەد عوسمانی، محەمەد امین دادخواه و ح. مدرسی[حەسەن] سەرۆکی ئیدارەی فەرهەنگی بۆکان

(ژمارە ٤، ٥، ٧، ٨ و ١١)

٥. هەواڵی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی تیفووس لە بۆکان

(ژمارە ٥)

٦. راگەیاندنی موژدەی دەرچوونی گۆڤاری هەڵاڵە لە بۆکان "بەم زووانە"

(ژمارە ٦)

٧. سەلیم ئاغای ئیلخانی زادە ئەوەڵین کەسە لیباسی سەربازی [کوردستان] ی لەبەر کردووە (هەواڵ)

(ژمارە ٧)

٨. یارمەتی دارایی بۆ چاپخانەی کوردستان – لیستەی ناو. ئاغاواتی بۆکانیش لە ناویاندان

(ژمارە ٩)

٩. "لە قزقەڵاڕا" ، شیعری خاڵەمین

(ژمارە ٩)

١٠. هەواڵی جێژنی دانانی رەئیس جمهووری کوردستان لە گوندی گوێگجەلی و سەراو – رەحیم سەیفی قازی

(ژمارە ٩)

١١. هەواڵی یارمەتی دارایی قاسم ئیلخانی زادە بۆ قوتابخانەی گەلاوێژ لە مەهاباد

(ژمارە ١١)

١٢. هەواڵی چالاکی سیاسی م.ص. موقتەدیری [محمەد سالح] لەسەر چۆمی مەجیدخان

(ژمارە ١١)

١٣. خطابەی ئەحمەد ئاغای ئیلخانی زادە

(ژمارە ١٢)

١٤. قازانجی مێژوو – ئەمجەد عوسمانی

(ژمارە ١٣)

١٥. هەواڵی هەوەڵ دەرکەوتی چاپخانەی بۆکان – سیلسیلەی مەشایەخی نەقشبەندی هەژار

(ژمارە ١٤)

١٦. بە موناسەبەتی هەدیەی قورئان بە پێشەوا (وتار) – سید عەبدالقادر سیادەت

(ژمارە ١٥)

١٧. وتار – عەبدالرحمن ئیلخانی زادە

(ژمارە ١٥)

١٨. وتار: پشتیوان ئیسماعیل ئیلخانی زادە

(ژمارە ١٦)

١٩. هەواڵ: چەقاندنی ئاڵای کوردستان لە یەکشەوە - ئیسماعیل خانی فەڕڕوخی

(ژمارە ١٦)

٢٠. ژیننامەی مەلا حەسەن ئیبن عوسمانی – ئەمجەد عوسمانی

(ژمارە ١٦)

٢١. جەژنی سەربەخۆیی لە گەردیگلان – سید سەلام نەبەوی، سەید عەبدوڵڵا

(ژمارە ١٦)

٢٢. هەزارسەلام لە تۆ ئەی رۆژنامەی کوردستان – عەبدالکەریم بەهرام بەگی بۆکان

(ژمارە ١٩)

٢٢a. حوکمی قەزاوەتی بۆکان بۆ "قازی محەمەدی قزڵجی"[قازی کاکە حەمە]

(ژمارە٢١)

٢٣. جێژنی سەربەستی کوردستان لە یەکشەوە - هەواڵ

(ژمارە ٢٤)

٢٤. شیعر : ئەمجەد عوسمانی

(ژمارە ٢٨)

٢٥. خطابە : کاکە رەحمان ئیلخانی زادە

(ژماره ٢٨)

٢٦. ئەستێرەی سەربەرزی سەربەستی–رۆژنامەی کوردستان، شێخاڵی، محەمەد عەتری گڵۆڵانی

(ژماره ٣٣)

٢٧. دنیای ئەورۆ- وتار محەمەد عەتری گڵۆڵانی

(ژماره ٣٤)

٢٨. شیعر : ئوەیس عوسمانی

(ژماره ٣٨)

٢٩. تەسویبی قانوونی موجازات [بۆ سوپای کوردستان] ، ابراهیم سەلاح

(ژماره ٤١، ٤٢، ٤٣ )

٣٠. ژمارەی دووی "هەڵاڵە" [لە بۆکان] دەرهات

(ژماره ٤٨)

a٣٠ . هەڵاوەسینی تابلۆی دەرسخانەی "کوڕانی پێشەوای کوردستان"لە بۆکان

(ژماره ٤٨)

٣١. وفاق و نفاق   م. ص. قزڵجی [محەمەد سادق]

(ژماره ٤٩)

٣٢. با لەوە زیاتر بە تاریکی دانەنیشین (وتار)، سەعید ئەدهەمی فەیزوڵڵابەگی

(ژماره ٥١)

٣٣. ٧ سەد ساڵە کورد بۆ سەربەخۆیی گیانبازی دەکا، ح. قزڵجی [حەسەن]، (وتار)

(ژماره ٥٥)

٣٤. ئاڵای کوردستان لە گەردیگلان هەڵکرا وتار و شیعری سەید کامیل ئیمامی(ئاوات)

(ژماره ٥٥)

٣٥. کورد هەر بۆخۆی داوای حەقی خۆی دەکا، ح. قزڵجی [حەسەن]، (وتار)

(ژماره ٦٠)

٣٦. نهضت آذربایجان (وەرگێراوی وتارێک لە رۆژنامەی" رەهبەر"ی حیزبی تودەی ئێران)، ح. قزڵجی [حەسەن]

(ژماره ٦٦)

٣٧. میللەتی مبارزی کورد، (وەرگێڕاوی وتارێک لە گۆڤاری ئازەربایجان)　　　ح. قزڵجی [حەسەن]

(ژماره ٦٨)

٣٨. شاعیری میللی "هەژار" (وتار)، ح. قزڵجی [حەسەن]. لە ژماره ٣ی "هەڵاڵە" وەرگیراوە + مصاحبەی نوێنەری رۆژنامەی رەهبەر لەگەڵ پێشەوا (تەرجەمە)

(ژماره ٦٩)

٣٩. فیلمی عاسمان لە سینەمای کوردستان (ئەدەبی)، ح. قزڵجی [حەسەن]

(ژماره ٧١)

٤٠. استعمال حربە دروغ بر علیە کرد و کردستان (وتارێکی فارسی) ح. قزڵجی [حەسەن]

(ژماره ٧٣)

٤١. من و گوڵە سوێسنێک (وتار)، محەمەد عەتری گڵۆڵانی

(ژماره ٧٣)

٤٢. هەواڵ : تەوبیخ و جەریمەکردنی "محەمەد زەکەوی" حسابدار و تەحویلداری ئیدارەی دارایی بۆکان

(ژماره ٨٥)

٤٣. راگەیاندن و سپاسنامەی دوکتۆر: محەمەدرەسووڵ کوردپوور کۆمیساریای شارەوانی مەهاباد

(ژماره ٨٧)

٤٤. هەواڵی پێکهاتنی کومیتەیەک بۆ دروست کردنی "مزگەوتی کوردان" لە میاندواو، بە بەشداری قازی کاکە حەمەی قزڵجی و حاجی ساڵحی حەریری

(ژماره ٩٢)

وەک گوترا، زۆربەی چالاکییەکان هی ئاغاوات و ئەو کەسانە بوون کە بە دەوروبەری ئەوانەوە بوون، بەڵام هەندێ کەسی وەک مامۆستا حەسەن قزڵجی و مامۆستا هەژاریش، کە ئەودەم لە بۆکان دەژیا و وەک نوێنەری شاری بۆکان لە کۆبوونەوە حزبییەکاندا بەشداری دەکرد، گەلێک چالاکانە لە کاروباری سیاسی و کولتووریدا هەنگاوی گرنگیان هەڵێناوەتەوە. شاعیری میللی هەژار هەروەها ئیمامی و پەشێو(مامۆستا خالید حیسامی) بەتایبەت کەسی یەکەم،

شیعر و وتاری زۆریان لە ژمارە جۆربەجۆرەکانی رۆژنامەی کوردستاندا نووسیوە، کە ئەگەر دەست نیشانیان بکرایە، قەبارەی ئەم وتارە گەلێک گەورەتر دەبوو.

ناوی خەڵکی ئاسایی و دانیشتوانی شار و گوندەکان لە رۆژنامەکەدا کەمتر رەنگی داوەتەوە و تەنیا ناوی ئەو کەسانە نووسراوە کە یارمەتی داراییان ئاراستەی رۆژنامەکە کردوە. بەڵام لەناو راگەیاندنی فەرمی ئیداراتی دەوڵەتی کوردستاندا، جاروبارە بابەتی سەرنج راکێش دەردەکەوێت بۆ نموونە هەواڵی پرۆژەی دامەزرانی قوتابخانەی کوردی – عیبری لە مەهاباد (ژمارە ٧٥) یا خود راگەیاندنی ئیدارەی سەبتی ئەسنادی مەهاباد سەبارەت بە داواکاریی هەندێک لە دانیشتوانی شاری مەهاباد و بۆکان بۆ سەبت کردنی خانووبەرەکەیان، کە ناوی خەڵکی زۆری تێدایە (ژمارە ٣٦) و لە ناویاندا هەندێک کەسی بۆکانی دەبینرێن بە جوولەکە و موسوڵمان و ئەرمەنییەوە. ئەوەش ناوەکان :

یۆسف بنیامین صافونی بۆکانی، مووسا و ئیسماعیل و عیمران و یۆسف کۆهینی بۆکانی، سەید عەبدوڵڵا کاظمی بۆکانی، نازدار فەتحی بۆکانی، سدیق و ئیسماعیل و کەریمی ئەسکەندەری، محەمەد رەشید براخاس بۆکانی، جەنابی حاجی بابە شێخ سەیادەت (مەهاباد)، ساڵح نەسیری بۆکانی، سەید سادق رەحمانی، رشید جەباری بۆکانی، ئیسماعیل ئاغاجاوی بۆکانی، استیر یەعقوبیان، محەمەد امین مەلامەحموودی بۆکانی، سعید سیدی بۆکانی، عەبدوڵڵا و محەمەد ساڵح و مستەفا مقراضی بۆکانی، رەحیم ئەمینی بۆکانی، حەسەن تەبریزچی بۆکانی، حەمەعەزیز مەلیك زادە بۆکانی، محەمەد رەحیم عثمانزادە بۆکانی، رەشید نەعلبەندی ئەقدەم بۆکانی، ساڵح حەمە کوردی بۆکانی، عەلی کاظمیان، مەحموود و ئەحمەد افتخاری، حەسەن بوداقی (گوندی قزڵجە و شاهگێلدی).

لە کۆتاییەکەشیدا نووسراوە:

"ئاگاداری نەوبەتی ئەوەڵ، ٣٠ ی خاکەلێوەی ١٣٢٥، سەرۆکی ئیدارەی ثەبتی مهاباد، هاشم مووسازادە."

رۆژنامەکە هەڵسەنگاندنی گەلێك زۆرتری پێویستە و هیوادارم دوتر بتوانم بەو کارە هەستم.

* لە ژمارە ١ تا ١١" کوردوستان"، نووسراوە و پاشان بۆتە "کوردستان" .

رۆژنامەی "کوردستان" – بڵاوکەرەوەی بیری حزبی دیموکراتی کوردستان، چاپی چاپخانەی کوردستان، شەقامی وەفایی، مەهاباد

ژماره ١ : پێنج شەممۆ ٢٠ / ١٠ / ١٣٢٤ = ١١ / ١ / ١٩٤٦

ژماره ٩٣ : ١١ / ٧ / ١٣٢٥ [ = ٣ / ١٠ / ١٩٤٦]

[چاپ کردنەوەی] : رۆژنامەی کوردستان، مەهاباد ١٣٢٤ ــ ١٣٢٥ ی هەتاوی (١٩٤٦)

ئامادە کردنی رەفیق ساڵح و سدیق ساڵح، پرۆژەی هاوبەشی بنکەی ژین (سلێمانی) و دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (هەولێر)،

ساڵی ٢٠٠٧، ٣٥٥ لاپەڕەی قەبارە A٢

( بەداخەوە ئەو بەرهەمە نایابە ژمارەی ISBN ی بۆ دەست نیشان نەکراوە).

"سپاس بۆ کاک موحسین قزڵجی بۆ دەست نیشانکردنی ژمارە a٢٢ و a٣٠ "